کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# پایزە یادێکی...تۆ

**شەنگە...**



لە پەنا کۆڵانەکانی ئەو گەڕەکەی لە مێژبوو تەپوتۆزی غەریبمی لێ نیشتبوو بەئەستەم بەدیم کردی، بەدەم نمەبارانی وەرزە پایزی تەمەن، ئەو دەمی ڕێگات ئەکرد لەدیوارە دێرینەکانی ئەو کاتەی دەڕوانی، لێوەکانت ورتەورتیان بوو لەگەڵ خۆیاندا.

ژن وپیاوە بەساڵاچووەکانی مەسیحی بەهەستێکی قوڵتر دەیانڕوانی، بەگومان بوون لە.......؟!! ئەمە پرسیارێك بوو بەدوای وەڵامەکەیدا دەگەران.

زەنگی کلێسا ئەو گەڕەکەی دەهەژاند، کەچی هەر بەئاگا نەهاتییەوە... من دەمزانی لە چ گێژاوێکدا ماویت، بۆیە ئەو ئێوارەیە لەگەڵ کزەبایەکی ساردی پایز بەئارامی بەئاگام هێنایت، کە چاوت هەڵهێنا...ئاگام لێ بوو وەکو گوڵی بەهارێکی سەرسەوز دەگەشایەوە، دەستەکانت وەکو چڵە گەڵایەکی بەهار کەوتنە سەمای ئاسودەیی، لەخۆشیان دەستەکانت بۆ نەدەگیرا وهەڵدەلەرزین، ئەو جگەرەیەی ناو لەپی دەستت لە بێ ئاگایی ببووە خۆڵەمێش و وەردە وردە هەڵدەوەری.

باران.........باران.......... نەمدەزانی بارانی عەشقی من وتۆ بوو یان عەشقی خودا... بوو بۆ سروشت وەك ڕەهێڵە دەباری. لەو ساتەوە هەنگاوەکانمان وەك ئەو لێزمە بارانە خێراتر هەڵیکرد، تاگەیشتنە ئەو چوار دیوارەی کە تۆی تێدا پەروەردە ببوو، چوار دیوار کە سەرەکەی لەو گڵە دەچوو کە لەسەر گۆڕێکی چەند سەدەیەك لەمەوبەر بوو......ئای زۆر ئارام بووئەم دەوروبەرە .. من وتۆش ئارامتر لەیەکترمان دەڕوانی، بەبێ ئەوەی بتوانین تەنها وشەیەکیش بڵێین...

لەپڕ دەنگی کۆرپەیەك ئەو بێدەنگییەی شکاند..بەو جۆرە ڕاچڵەکیت کە وەك ئەوەی لە خەوێکی قوڵدا بووبیت، جارێکی بەئارامی لەسەر دیواری پەنجەرەکە دانیشتیت وبەخەمێکی قوڵەوە مژت ئەدا لەو جگەرە نیوەیەی نێو پەنجەکانت....

ئەم بێدەنگییە تاکەی، تاکەی.....؟

تـۆش هـەمان پرسـیارت لـەخۆت دەکـرد بـەڵام بێـدەنگتر لـە مـن، لـەپڕ جگەرەکـەت پـەرت کـرد وسـەری پەنجەکانت لێ دەخشاندە سەر زەوی، وەك ئەوەی تۆڵەی خەمەکانت لەو بکەیتەوە...
جاربەجار بەنیگایەکی ترەوە روبەڕوی من دەهاتییەوە، بێدەنگ بێدەنگ چاوەکانت رازەکانتی دەباران، هێندە لێم نزیك بووی ئارەزوم بوو لەباوەشت بگرم، تامەزرۆی شیرینیی ماچەکانت بووم، تا تێر شیرینت کەم....!! هـەموو گیانـت گـوڵ بـاران کـەم، کەچی نـەمکرد، چونکە دەمزانی رۆژێك تێشوی سـەفەر لـەمل دەکەیت وسەفەر رێگات لێ ئەگری، دەمزانی تاسەر تۆ لەگەڵ خۆشەویستیی مندا ناژی، دەمزانی سەفەر مۆتەکەی نێوانمانە....
سەفەر وەك هەژدیهایەك لەناکاو عەشقمانی فریو دا، من لەو نهێنییە نەگەیشتم بۆ کوی چوو...؟!
جارێکی تر هەزار پرسیاری تر........؟
بـەڵێ ئێوارەیـەکی وەی شـومەی خۆمەڵاسـدراو بـەرەنگی زسـتان، کاتێـك هـاتی گـەڵاو گوڵـەکانی تەمـەنی چاوەڕوانیت بەیەکەوە هەڵوەراند.
نازانم بڵێم تـاوانی تـۆ بـوو یـان رۆژە رەشـەکانی تەمـەن ئـەوەیان دەویـست یـان ئێمـە بەدەسـتی خۆمـان خەونەکانمان خستە دەریاوە کە هیچ ناونیشانێکی نەبوو.